# زانیاری زمان و میژووی زمانی کوردی

پروفیسۆر . پاكیزە رفیق حلمی
مامۆستای زانستی بەراوردی زمان
كولیجی : ئاداب زانكۆی صلاح الدین

ئەلقەی (٤) لەم زنجیرە وتارە

لە وتاری پێشودا وتمان كە (كورتی وازا)ی میتانی بە یارمەتی . خاتیەكان گەرایەوە سەر تەختی میتانی‌یەكان لە (واششوگانی) پایتەختە كۆنەكەی ئیمپراتۆریەتی میتانی سەدەی چواردەدا . لە راستیدا سەدەی چواردەی پ . ز چەرخێكی پر لە كارەساتی گرنگ بو ، ولە مێژودا لە هەموو چەرخەكان رونترو ئاشكراتر بو ، بە هۆی ئەو هەموو نوسراوەی لە پاش نەتەوەو دەولەتەكانی كارەساتی ئەو چەرخەیان دەگێرا ـ ماوەتەوە ، هەتا دەتوانین ناوی بنێین چەرخی ئارشیفی‌و ساڵ نامە ، ساڵ نامەش ئەو نوسراوانە بو كە ساڵ بە ساڵ دەنوسرانەوەو لە ئارشیفی خانەی شایانەدا دەپارێزران . ئەم نەریتەش لە زەمانی خاتی و خوری و میتانی‌یەكاندا داهات ، كە هەرچی روداوێك ببوایە دەبو بە فەرمانی شا بنوسریتەوەو بخرێتە ناو ئارشیفەوە .

دوای خاتیەكان ئاشوری‌یەكان ئەم ساڵنامەیان نوسیەوە بەڵام زۆری روداوەكان دەشێواو دەكرا بە ئەفسانەو راست و ناراستی لەیەك جیانەدەكرایەوە وەك ساڵنامەكانی خاتی‌و متیانی‌یەكان . جگە لەو ساڵنامانە نامەكانی (گردی عەمارنە)یە كە نزیك سێ سەد نامەی شاكانی ئەو چەرخە لە میسر دۆزرانەوەو زۆریان هی میتانی‌و خوری و كاشی‌و خاتیەكان بو بە تایبەتی نامەكانی (توشراتا) و (شوتارنا)ی میتانی.ئەم ساڵنامەو نوسراوانە زۆریان بە خەتی میخی و زمانی ئەكەدی كە زمانی دبلوماسیەتی ئەو چەرخە بو ، نوسراون ، و هەندێكێشیان بە زمانی خاتی‌و میتانی‌و خوری دیسان بە خەتی مێخی وێنەی خۆماڵی ، وهەموی باسی كارەساتی ئەو چەرخە دەكات .

میتانی‌یەكان لەو چەرخەدا . دەورێكی یەكجار بەرزو دیاریان هەبو لە ناو دەوڵەتەكانی دراوسێدا بە تایبەتی لەگەڵ (میسر) كەلە ئەو پەری دۆستایەتی‌و رێكی دابون ، هەتا (شوتارنا)ی شای میتانیا كچەكەی خۆی تا دو خەپا (Tadukhepa)ی‌دا بە (ئەمنوفیس)ی سێیەم لە ١٣٨٥ ب .ز دا ئەم كچە میتانیە بە ناوی (نەفرەتینی)یەوە لە مێژووی میسردا ناسرا پێش كچەكەی ، خوشكەكەی (گیلوخەپا ـ Gilw khepa )ی دابویە ، هەر لەو چەرخەدا (كادشمان ئنلیل) مەلیكی كاردونیاشی كاشی كچێك و خوشكێكی دابو بە فرعەونەكانی میسر . كە ئەمە نیشانەی ئەوەیە ، ئیمپراتۆریەتی كاشوەكان و میتانی‌یەكان لە تواناندا لە ریزی میسر بون ، هەروەها دۆستایەتیان لەگەڵ فرعەونەكانی میسردا زۆر توندو قوڵ بوو گەیشتبووە پلەی خزمایەتی و ژن خواستن .

ـ خاتیەكان . لەم چەرخەدا بوژانەوە لە زەمانی ئیمپراتۆرە بە ناو بانگەكەیان (شوپیلو لیحوش) كە زۆر درو شەر كەر بوو دەمێك بو چاوی لە وڵاتی میتانی‌و خوری بو كە هاوسنور بو لە لای رۆژهەڵات و خواروەوە وە لە گەڵیان دای بە سەر شاری حەلەب دا كە میرایەتیەك بو لە ئیمپراتۆریەتی میتانی‌دا ، و لە وێوە بە خۆی و لە شكرەكەیەوە پەرینەوە لای رۆژهەڵاتی (فورات) نزیك شاری (مەلاطیە)و داخلی وڵاتی میتانی بون و دایان بەسەرا (واشوگانی) پایتەختەكەی میتانی دوبارە پەرینەوە لە (فورات) و بەرەو حەلەب بە (قارچەمیش ـ طەرابلس) دا ئەمجارە (حەلەب) یان داگیر كردو ، لەوێ ، لەگەڵ خوریەكانی (سوریا) رێك كەوت و پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ گرتن ، لەو كاتەدا میتانی‌یەكان لەگەڵ خوریەكان تێك چوبون و لەیەك جیابوبونەوە. ئەم هێرشەی خایتەكان ، كارێكی زۆری كردە سەر سیاسەتی ئەو رۆژەو بە تایبەتی بە لای میسرەوە كە تا ئەو رۆژە تواناترین دەوڵەتی ئەو چەرخە بو شوێنی لە سوریادا لێژكرد كە پەیوەندیەكی زۆری هەبوو پێوەی باسی ئەو روداوانەی كە بە سەر وڵاتی سوریادا هاتوە ، لە نامەكانی

گردی عەمارنەدا ماوە کە میرەکانی ناردویانە بۆ فرعەونەکانی دوستیـان داوای یارمـەتیان کردوە بەڵام وادیارە فرعەونەکان نەیـان توانیـوە بەرامبـەر خاتیـەکـان بوەستن و وەڵامی ئەو نامانەیان نەداوەتەوە چونکە لەو کاتەدا کە ئەمنۆفیسی سێیەم مێردی (تـادو خەپـا)ی میتـانی (نـەفـرەتیتی) بو پیربوبو لە توانایدا نەماوە یارمەتی وولاتی خوریو میتانی بدا .

ئیمپراتۆریەتی میتانی دوای ئەم هێرشە ئیتر خۆی نەگرتۆتەوە چونکە وڵاتەکە خۆی پێش ئەوە لە ئاشوبدا بومو میتانیەکان لەگەڵ خوریەکان تێك چوبون وڵاتەکە بەش کرابو . (توشراتا)ی میتانی هەر خۆی برا گەورەکەی خۆی کوشتبوو هاتبوە سەر تەخت لە شوێنی ، دوایی خزمەکانی تەنگیان پێ هەڵ چنیبوو یەکێك لە براکانی لێی جیا بوەوەو چو بوە سەر تەختی خوری لە سوریـا لەگـەڵ ئاشوریەکان پەیمانی دۆستایەتی گرتبو دژی براکەی . و لە دوایدا توشراتا بە دەستی یەکێك لە کورەکانی لە ساڵی ١٣٦٠ پ . ز کوژرا . و کورە گەورەکەی کە (کورتی وازا) بوو رای کردە لای شای کاردونیاش ( بورنا بورباش ) لە بابل بەڵام داڵدەی نەداو ناچـار رای کردە لای خانیـەکـان کە بۆ هەلیکی وادەگەران ، یارمەتیان دا وەك باسمان کرد .

تاگـەیشتـەوە ( واشوگانی ) پایتەخت و چووەوە سەر تەختی حوکم . بەڵام زۆری پێ نەچوو ( ئاشور ـ ئوبالیت ) ئاشوری لە ساڵی ١٣٣٠ پ . ز وڵاتی ئاشوریای لە دەس میتانیەکان سەندەوە ، و ( کورتی وازا ) ئیتر ناوی نەماو کەس نازانێ چی لێهات . دوای ئەوە خاتیەکان وڵاتی خوریەکانیان داگیرکرد لە سوریـا و لەگـەڵ ئاشوریەکان ریك کەوتن و هەر دوکیان لەو رۆژەوە بون بە تواناترین دوو دەوڵەتی ئەو کاتە لە ١٣٣٠ پ .ز. وە دوای فەوتـانی خاتیەکان لە ١٢٠٠پ . ز بە فەلاکەتێکی سامناك کە هەموو وڵاتەکەی تیا سوتاو وێران بوو . ئاشوریەکان پەلاماری وڵاتی خوریەکانیان دا لە زەمانی ( شەلوم نەسر ) ی یەکەم دا و داگیریان کرد کە لە ساڵی ـ١٢٧٤ ـ ١٢٤٥ پ . ز دا لەسـەر حوکم بوو. وەبـەمـە دوای حوکمی ( میتـانیـا ) و (خوریا)کۆتایی هات وەك دەوڵەتێکی گەورە وولاتی ( خانی گاڵ پات ) پارچـە پارچـە کراو هەر پارچەیەکی یا بەشێکی بو بە میرایەتیەکی بچوك .

وڵاتی ( خانی گاڵ پات ) ناوی وڵاتی میتانیای کۆن بو، لە پاشـاکە میتانیەکان لەگەڵ خوریەکان خزمیان بون بە یەك ناوی ئیمپـراتـۆریـەتـەکـەی پێکـەو ە دایـان مەزراند بو بە ئیمپراتۆریەتی ( میتانی ) و پایتەختەکەی ( وا شوگانی ) بو . خوری میتـانی لە راستیدا کۆمەڵە ئیلاتی یەك نەتەوە بون و زمـانـەکەشیان دو شێوە زمانی یەك ریشە بو وەك سورانی و کرمانجی ئێستە یا کرمانجی سەرو و خوارو . کۆنترین نمونەی ئەم دو زمـانە کە بەزمانی ( خوری ) (khurri) یە ، نوسراوە مێخیەکانی ( تیشاری ـTishari ) بە مەلیکی ناوچەی ( ئۆرکیش و نەوارـurkish - Nawar ) کە بەشێك بوە لە وڵاتی خوریەکان ، ئەم نوسراوە لە هەزارەی دوهـەمـدا نوسراوە ، کە لە کۆتـایی دەوری ئەکەدی دا تیشاری ژیاوە . دوای ئەوە کۆمەڵێ نوسراو لە ئارشیفەکەی دەوڵەتی ( ماری ـ Mari ) دا بە زمانی خوری دۆزراوەتەوە ، دیسان هی هەزارەی دوهەم دەوڵەتی ماری نزیك ئاوی خاپور لە ساڵی ١٧٩٢ پ . ز دامەزراوە. کۆمەڵێ تێکستی تری نوسراو بە خەتی مێخی و زمانی خوری لە ( حەلەب ) و ئوغـاریت ) و گەڵێ شوێنی تر لە سوریـا ، هەمو لە هەزارەی دوهەمدا نوسراون یەکەم جار نمونەی زمانی میتانی لە نامەکانی (گـردی عەمـارنـە) لە میسر دوزرایـەوە کە لەشـاکـانـی ئیمپراتۆریەتی میتانیەوە (توشراتا – Tushrata )و (شوتارنا ـ Shutarna )وە نوسراون بۆ (ئەمنوفیس Amenophis )ی سێیەم و چوارەم ، فەرعەونی میسر یەکێك لەو نامانە کە لە سـەر خشتێکی گەورە نوسراوە بە خەتی مێخی و پێشـەکیـیـەکی بە زمانی ئەکـەدی ـ بە زمـانی میتـانی نوسراوە لە ( توشراتـا ) وە بو ئەمنـوفیسی سێیـەم . کە بە دورو درێژی باسی دۆستایەتی و خزمایەتی دەکا بە بۆنەی گواستنەوەی ( تادو خەپا ) ی کچی (توشراتا) بو ( ئەمنوفیس ) سێیەم فرعەونی میسر .

بەمەدا دیارە کە زمانی (خوریو میتانی) کە بەیەك زمان دادەنرێن ، زمانێکی رەسمی ئیمپراتۆریەتی (میتانی) بووە و لە ناوچـەیـەکی زۆر فراواندا بەکار هاتووە لەگەڵ ئەوەشدا کە زمانی ئەکەدی لە هەزارەی دوهەمدا زمانی دبلوماسیەتی هەمو دەوڵەتـەکـانی ئەو چەرخانە بووە، بەڵام زمانی میتانی بەکار هاتـووە لە لایـەن شاکـانی (میتـانیـا) لە نوسراوە سیـاسیو

دبلوماسیەکانیانداو لە کاروباری تایبەتیو خۆشیداو . زمانی رەسمی ناوچەیەکی گەلێك فراوان بووە کە لە ئەراراتەوە هەتا دەریای سپی گرتۆتەوە ، بە پانی، ولەئەنادۆلەوە هەتا خوار زێی بچوك بەدرێژی . هەر لە زەمانی سۆمەریەکانەوە خوریەکان لە وڵاتی بابل ـ ئەگەدەدا ژیاون بەمەدا دیارە کە میتانی بە ئاریەکان و خوریەکان لە ناوچەی ژوروی میزۆپۆتامیاو سوریادا هەد هەبوون ، وئەو ناوچەیە پێش ئەوان هیچ نەتەوەیەکی تری غەیرە ئاری تیانەبووە . هەروا ئەو نەتەوە ئاریانەی کە لە هەزارەی دوهەم دا بە ناوی میتانیو خوری لەو ناوەدا ژیاون باپیرانی ئەم نەتەوانەی ئێستەن کە لەم ناوچەیەدا دەژین بەناوی (کورد) ەوە وەزمانی

میتانیو خوری بێگومان دایکی زمانی کوردین ئەگەر بۆ خزمایەتی بگەرێین ، واتە زمانی کوردی شێوەی زمانی میتانییە لە هەزارەی یەکەمەوە تا ئیستە، وئەبێ زمانی (ماد) کە لە دواییدا لەوتاری ئایندەدا باسی دەکەین هەر شیوەیەکی زمانی میتانی بێ پاش لێکدانەوەی ئەو کۆمەڵە نوسراوانە لەم چل پەنجا ساڵەی دواییدا، توانرا بە تەواوی زمانی (میتانی) بناسریتەوەو بزانرێ کە زمانێکی (ئاری) سافە، وخزماتیەکی زوری هەیە لەگەڵ زمانی خاتیو سۆمەری،و سانسکریتی ئاڤێستای، ونمونەی زمانە ئاریەکانی هەزارەی دوهەمە کە بەشتا هەر لە مەڵبەندەکەی خۆیدا (وڵاتی ئاریان)دا بوون . و نەگەیشتبوتە. هندستان یا ئەوروپاو هەر کاتەدا خۆیان میتانیو خوریەکان بە خۆیان دەوت (ئاری) دیارە وشەی ئاری زۆر کۆنترە لەو میژووەی کە بۆی دانرابو واتا هەزارەی دوهەم . چونکە دەرکەوت کە سۆمەریەکان بە وڵاتەکەی خۆیان دەوت (ئوریکی ـ uriki ) یا (Ariki) واتا وڵاتی ئوری ـ ئاری . هەروەها وشەی (ur) کە ناوی شاری (ئور ـ ur )ە کە شارێکی سۆمەری بو لەوەوە هاتووە (ئورەك ـ uruk ) دیسان ناوی شارێکی تری سومەریە ، ناوی (عـراق IRak ) کە بێگومان ناوی (ئـوروك ـ uruk ) خۆیەتی، بە لادانێکی فۆنەتیکیەوە کە زۆر تەبیعییە، روبد لە ماوەی سێ تا چوار هەزار ساڵ بەکارهێنانی وشە کە لە چەند زمانێکی بێگانە بە یەك لەو وڵاتێکدا . لە یەك چونی ئەم ناوانە لە لایەکەوەو ساغ بونەوەی ئەوە کە سۆمەریەکان ئاری بون لە لایەکی ترەوە هەروەها نەتەوەکانی تری ئاری کە لە هەزارەی چوارەمەوە لە زاگرۆسەوەو لای رۆژهەڵاتی دجلەوە، تێکەڵ بە سۆمەریو ئەکەدی بون و نسبەتێکی گەورەی خەڵقی وڵاتەکەیان دروست کردووە وەك کاشوەکان کە لە چوار سەد ساڵ زیاتر هەموو وڵاتی بابلیان بە دەس بووەو پێش ئەوەش هەر لەو ناوەدا بون و دورنییە لەگەڵ سۆمەریەکان پێکەوە لە میزوپوتامیای ژوروو لە زاگرۆسەوە هاتبن ئەم راستیانە کە هەمو بە بەڵگەی ئارکیۆلۆجیو ئەنثروپۆلوجیو فیلولوجییەوە پتەو کراون و ساغ بونەتەوە ئیتر گومان لەوەدا نەماوە کە ئاریەکان لە هەزارەی سێیەمەوە هەتا خواروی مێزوپوتامیا هاتون و لە پێشدا هەر لە ژوروی وڵاتەکەدا بون لە مەڵبەندی پەیدابونیاندا، لە یەك چونی ئەم وشانەش وەك ئۆریکی ـ وڵاتی سۆمەر ئور شارێکی سۆمەری (ئوروك ـ ئیریك) شارێکی تری سۆمەری . (ئاریانی ـ میتانی) (عیراق ـ ئیراك) دیارە بێ هۆ نییەو ئەبێ پەیوەندیەکی زمانی هەبێ لە بەینیاندا کە زۆر ئاشکرایە هەیە بە تایبەتی کەساغ بووە نەتەوەکانی (سومەری، کاشو، میتانی، خوری، خاتی) هەمو، وەچەی یەك خێزانی زمانن و لەیەك ناوچەدا پەروەردە بون و لەوێوە بڵاوبونەتەوە .

ئەم زانستە بەرامبەر ئەم نەتەوانەو زمانەکانیان وەك وتم تا چل پەنجا ساڵ لەمەوپێش بە ئەفسانەدا دەنرا، ئێستە بیرو باوەرە کۆنەکانی پێش ئەمە بوو بە ئەفسانە ! بە بەراوردکردنی ئەو زمانانەی باسم کردن هەمو زمانی لکێن وکەرتەی بن وشەکانیان لە سەرەتادا لە کەرتە ـ برگەیەك یا زیاتر پەیدا دەبیو دوای بەهۆی مورفیمی لکێنەوە وشەی تری لێپەیدا دەبی بۆ مەبەسی تازە، ئەم مورفیمە لکێنانە ئەشێ پێشگر ، پاش گر، ناوگر بن هەمو جۆرە وشەیەك مورفیمی لکێنی خۆی هەیە کە لە مورفیمە سەرەکیەکە جیا دەکرێتەوە بەئاسانی جگە لەوەش لەم زمانانەدا بەهۆی دارشتنی پێوانەشەوە وشەی تازە لە وشەی سەرەکی دادەرێژرێ کە هەردو جۆرەکە دەبن بە هۆی پەرەسەندنی زمانەکەو دەوڵەمەندی .

نزیکی ئەم زمانانە لەیەك ، هەر بەجۆری دارشتنی وشەدا دەرناکەوێت، گەلێ تایبەتیەتی تری، جەوهەری هەیە کە وەك رۆژ دیارەو ئینکار ناکرێت ، وەك شێوەی بیرو باوەری (دین)

که یه‌کێکه له تایبه‌تیه‌تی هاوه‌ڕادی، جۆری بیرو باوه‌ر به تایبه‌تی ئاین و خوا په‌رستن نشانه‌ی یه‌ك یه‌تی ده‌رونی‌یه ئه‌م یه‌کیه‌تی‌یه‌ی ده‌رون به هۆی یه‌کیه‌تی ژیانێکی کۆمه‌لایه‌تی‌یه‌وه په‌یدا ده‌بێ، که زمانیش نشانه‌ی ئه‌و یه‌کیه‌تی کۆمه‌لایه‌تیه‌یه .که‌وابو کۆمه‌ڵێك که ژیانێکی یه‌ك گرتوی تایبه‌تی تیا هه‌ڵ که‌وێ زمان و ئاین ی ئه‌و کۆمه‌ڵه یه‌ك ده‌بن و ئه‌مانه‌ش ده‌بن به کۆڵه‌که‌ی بناغه‌ی نه‌ته‌وایه‌تی که یه‌که‌م کۆڵه‌که‌ی ئه‌و خاکه‌یه ئه‌و کۆمه‌ڵه‌ی تیا په‌روه‌رده بوه ئینجا نه‌ژاد ، که‌وابو- مایه‌ی یه‌کیه‌تی ئینسان و خاکه له مێژوودا ، **بێ گومان نه‌ته‌وه** ناوبراوه‌کانی سه‌ره‌وه یه‌ك نه‌ژادن **به هۆی یه‌کیه‌تی خاك و** ئینسان و بیرو باوه‌ر و زمانیان .

ته‌رزی بیرو باوه‌ری ئاینی ئه‌و نه‌ته‌وانه **( ئاریه‌کان ) تارادمیه‌کی** زۆر وه‌ك یه‌ك بووه ، له پێش هه‌مو شتێکدا ، **زۆر باوه‌ریان به** هێزی ئاسمانی هه‌بووه **که‌له هه‌موویان گرنگتر ( رۆژ) بووه که** به زمانی سومه‌ری ناوی ( ئوتو- utu )**بووه‌و پێویست نی‌یه** **بڵێم ئه‌م وشه‌یه زۆر نزیکه له‌وشه‌ی ( هه‌تاو ) له کوردیدا و** ده‌نگی ( هـ ) و ( د ) **له‌یه‌ك سازگه‌ن و زۆر جێ گۆرکێ ده‌که‌ن** وه‌ك ( هه‌و - ئه‌و ) ( هه‌سپ - ئه‌سپ ) ( هێستر - ئێستر ) نه‌ك له کوردیدا له هه‌مو زمانێکی تردا وه‌ك له عه‌ره‌بیدا ( اراق - هراق ) ( ال ) نشانه‌ی پێ ناسین ئه‌بێ به ( هل ) له زمانه سامیه‌کانی تردا . نموونه‌ی ئه‌مه زۆره‌و پێویست به درێژکردنه‌وه ، نی‌یه وشه‌ی ( utu)که ناوی خودای روناکی‌و رۆژی ئاریه‌کان بووه له زمانی سومه‌ریه‌کانه‌وه هه‌بووه ، هه‌روه‌ها له ناوی خوداو شار وولاتی ( ئاشوریا ) دا هه‌یه که یه‌که‌م که‌رتی وشه‌ی ئاشور په‌یدا ده‌کا وه وشه‌که لێك دراوه له دو وشه ئاتو - ئاشو - ئوتو که ئه‌بێ له ( ئوتو - utu ) یه‌وه وه‌رگێرابێ و ئور - ئوری - ئاری) که‌ئه‌بی له (ئاری)یه‌وه وه‌رگیرابێ‌و پێکه‌وه بوبن به ( ئاثور - ئاشور ) واتا ( رۆژی ئاری ) ئه‌مه به سه‌رنجێکی ورد ده‌رده‌که‌وێ که به ئـختزالێکی که‌م و گورینی قاوڵی ئوتو بووه به ( ئات - ئاث و ) ئاری - ئوری بووه به سور بۆ مه‌به‌س لێك دان و هه‌ردو وشه‌که بون به ( ئاثور - ئاشور ) که‌مانای نور - روناکیش ده‌دا لێره‌دا ئه‌وی سه‌یره به زمانی عیراقی وشه‌ی ( نور ) روناکی عه‌ره‌بی ( ئوره ) ! که ئه‌وه‌ش ره‌نگه له زمانی خاتی ، که ئه‌ویش ( ئاریه ) ئه‌بێ وه‌رگێرابێ چونکه جاری یه‌که‌م خوریه‌کان ماوه‌یه‌کی زۆر له فه‌له‌ستیندا بون ، دوهه‌م عبرانیه‌کان زۆر تێکه‌ڵ بون له‌گه‌ڵ خاتیه‌کان ، سێیه‌م عبرانیه‌کان هه‌مه ره‌نگن نه‌ژادێکی یه‌ك ره‌سه‌ن نیین و دور نی‌یه هه‌ندێکیان خاتی‌و خوری بوبن ( ئاری ) که مانای ( پاڵه‌وان ) ه دوریش نی‌یه مانای رۆژو رۆژهه‌لاتیش تێدابێ! ناوی‌خودا کانی تری **ئاریه‌کان وه‌ك یه‌ك بون و تا راده‌یه‌کیش ناوه‌کانیان ماوه له ئاین براهمانی هندستاندا وه‌ك** ( ڤایا- با - توندمبا ) که خوایه‌کی زۆر **به رێزی ئاریه‌کانه‌و ( مێ ) یه** ، و وه‌ك ( دێڤا - deva ) دیو به **کوردی و زێ** dyaos به **ئاڤستای** . وزیوس به یونانی و دیو به‌لاتینی **خودای ئاسمان و گه‌وره‌ی** هه‌مو خواکان بووه له‌ناو نه‌ته‌وه **ئاریه‌کاندا** ، دیو- که ئێسته **له زمانه لاتینیه‌کاندا** له شێوه‌ی ( **دیو** - dyo ) دا ماوه‌ته‌وه‌و ناوی خودای‌یه‌کانه‌یه ، له زمانی **کوردیدا ناوی هێزێکی** نادیاره که دو ته‌بیعه‌تی هه‌یه، یا دو جۆر **دیو هه‌ن** له میثولوجی کوردیدا دێوی خێر و دێوی شه‌ر که **ئه‌مه‌ش ره‌نگه پاشماوه‌ی** ئاینی دو هێزی = ( ثنائیة - duelism)

به‌لام له فکری ئێسته‌ی کوردی مسڵماندا له پله‌ی خوایه‌تی هاتۆته خواری ته‌نها وه‌ك هێزێکی ترسناك باس ده‌کری . ئه‌مه‌ش بێ گومان به هۆی کاری ئاینی ئیسلامه‌وه‌یه . و گه‌لێ خودای تر که له نوسراوه‌کانی میتانی و خوری‌دا ناویان هاتووه‌و له ڤیداکانی هندی سانسکریتی دا دوایی له هه‌زاره‌ی یه‌که‌مدا دا ناسراون وه‌ك ( میژا ) و ( ئندرا ) و ( ڤارونا ) که دیاره هه‌مو خوای ئاریه‌کان بون به گشتی له کۆنه‌وه . نه‌ك هه‌ر ئه‌مه به‌ڵکو زمانی میتانی ئه‌وه‌نده نزیکه له زمانی سانسکریتی‌یه‌وه که ده‌توانین هه‌ندێ له نوسراوه میتانی‌یه‌کان تێبگه‌ین به هۆی به‌راوردکردنی له‌گه‌ڵ زمانی سانسکریتی‌دا ، به تایبه‌تی ئه‌و وشه ته‌کنیکی‌یانه که په‌یوه‌ندیان به‌هه‌ندێ زانسته‌وه هه‌یه وه‌ك ئه‌و زاراوانه په‌یوه‌ندیان به په‌روه‌رده‌کردنی وڵاخه‌وه هه‌یه که هه‌مودمزانین وڵاخ په‌روه‌رده‌کردن و سواری ، نه‌ته‌وه ئاریه‌کان دایان هێناوه وله هه‌مو ناوچه‌کانی وڵاتی ئاری ئه‌م پیشه‌یه ره‌سه‌ن بووه و ئاریه‌کان هه‌مو به‌سواری و سوار چاکی ناویان ده‌رکردووه هه‌تا چینێکی تایبه‌تی سواره هه‌ڵ که‌وتووه که زۆر به

ریز بووه لە وڵاتی ئاریاندا ناوی ماریانا ـ Maryanna بووە کە بە زمانی میتانی‌یە ئەم وشەیە و لە سانسکریتی‌دا بووە بە Mary و لە کوردیدا ( سوارە ) ئەم چینە بەرزو بە زۆر ئەرستوکراتی بووە و گەلێ جار هاتۆتە سەر تەختی دەوڵەت وەك میتانی‌یەکان کە شاکانیان لەو چینە بووە .

خوریـەکـان لەسەدەی شازدەدا گەیشتونەتە ئەو پەری هێزو توانا لە سوریاداو بو ن بە سەرکردەو حوکمدار لە وڵاتەکەدا و تەنگیان بە خاتیەکان هەڵ چنیوە کە تا ئەو کاتە بە دەستەڵات بون لە سوریادا ، وەگەلێ نوسراو لە ئەرشیفی ساڵ نامەکانی خاتیـدا باسی رودا وەکانی ئەو کاتە دەکاو دەوری خوریەکان رون دەکاتەوە لە سوریادا ، ئەو نوسراوانە لەسەدەکانی هەژدەو حەڤـدەو شازدەدا نوسراون یەکـێـك لەو نوسراوانـە ناوی ( ئەفسانەی کانی پاڵ ) ی ناوە ، کە باسی چوار میری خوری دەکا چۆن چون بۆ لای میری ( ئیلان ـ سورە ) و خەڵاتیان بۆ بردووە ، ئەفسـانەیەکی تر باسی کورەکانی خوای ( توندمبا ـ رەشـەبـا ـ Strong God ) دەکـا کە لە جەنگـدان لەسـەر سەرۆکـایەتی وڵاتی خوری دیارە لەسەرەتادا وڵاتی خوری و میتانی وڵاتێکی یەك گرتونە بووە وەك دەوڵەتەکانی ئەو کاتە کە لە پێشدا لە چەند دەوڵەتێکی یەك شار پەیدا بووەو دوای یەکیان گرتـووەو دەوڵەتی کونفـدراڵیـان دروست کردووە ، میتانی و خوریـەکـانیش بەو چەشنـە ئیمپـراتـوریـەتـەکـەی خۆیان دامەزراندووە کە بەشی میتانی لە ئاراراتەوە تا ئاوی خابوری گرتۆتەوەو بەشی خوری لە ئاوی خابورەوە تا گوێ دەریای سپی ، وهـەردو دەوڵەتە یەك شاریەکانی ئەو ناوەکە یەکیان گرتووە ئیمپـراتـوریـەتی میتـانی لێ پەیـدا بووە ، لەو دەوڵەتـە یەك شاریانەی سوریا ، دەوڵەتی (ئالالاخ) و (حەڵەب)و(ماری ) و ( ئوغاریت ) بون کە بەناوی میرەکان و خواکانیاندا دیارە خوری بون ، و گەلێ نوسراو بە زمـانی خوری لە سـاڵ نامـەکـانیادا دۆزراوەتـەوە کە بەزمـانی خوری و خەتی مێخی نوسراون ، یەکێك لەو نوسراوانە لە میری شاری ( تونیپ ـ Tunip )ەوە بۆ فرعـەونی مسری ناردووە و لە ئەرشیفی ( گردی عەمـارنـە ) دۆزراوەتەوە کە دیارە زمانی خوری بەکار هاتووە بەرەسمی لە بەینی دەوڵەت و شارەکانی میتانی و دەوڵەتەکانی دراوسێیان ، لەگەڵ ئەوەدا کە زمانی ( ئەکەدی ) لەو چەرخەدا و لە هەزارەی دوهـەمدا زمانی رەسمی دپلوماسیەتی ناو هەمو دەوڵەتەکانی ئەو روژانە بووە خوریەکان خەتی مێخی تایبەتی خۆماڵی خۆیان هەبووە و تارادەیەك بەکار هاتووە بۆ زمانی تر وەك ( ئوگەریتی کە لە سوریادا بووە خەڵکی ( ئوگاریتی ـ ugarit دوزمان بون) ، کەنعانی و خوری ، خەتە مێخیە خوریەکەیان بەکار هێناوە بۆ هەردو زمانەکە .

هەندیك لە نوسراوی خوریەکان بە دوزمان نوسراوە ، خوری‌و ئەکەدی لەبەر ئەوە ( نامە نوسەرەکان ـ Scyibe ) دەبو هەردو زمـانەکە بزانن . لەپاڵ ئەوەشدا چەندەها فەرهەنگ بە هەردو زمـانـەکـە خوری و ئەکـەدی ئامادە کرا بوە سەرەرای ئەوە دەستوری نوسین و لەگەڵ ئەوەش مەکتەبی فێرکردن لە هەموو شارێکدا هەبووە بەلام دیسان زۆری نوسراوەکان

پڕن لە هەڵەی نوســین و رێـزمـانی ئەکـەدی چونکـە زۆری نوسـەرەکان خوری بون و زمانی ئەکەدیان باش نەزانیوە میتانی و خوریـەکـــان بە پیچـەوانـــەی ئەو بیروبـاوەرە نارەوایـەی بڵاوکراوەتەوە دەربارەیان و دەڵێ کە هیچ هونەرێکیان نەبووە و نوسراو بەدەستـەوە نی‌یە بەزمانەکەیان ، چەند ناوی ( میر ) وشوێن نەبێ ، گەلێك نوسراویان لە ئارشیف و ساڵ نامەکانی (ماری ) و ( حەڵەب ) و( ئالالاخ ) و( ئوگاریت ) دا بەجێ ماوە، هەروەهـا لە ئارشیف و ساڵ نامەی خاتیەکان ، لەبان ئەوانە شەوە نامەکانی ( گردی عەمارنە ) ی سەدەی چواردەو سیانزە! و گەلێ لە ئەفسـانـەو ئاین نامەو ئەدەبیاتی سومەری لەرێی خوریـەکـانـەوە و بە زمـانی خوری گەیشتونەتە خاتیەکان و مسریـەکان هەروەها ئەو زاراوە و نوسراوانەی دەربارەی وڵاخ پەروەردە کردن و سواری هەمـو هی خوریـەکـانەو بە زمانی خوری نوسراون .

فرعەونەکانی میسر لە خوریەکانەوە فێری سواری و ( عەرەبانە ـ Chariot ) بەکارهێنان بون ، کە هێریشیان بردۆتە سەر وڵاتی خوری ـ سوریـاو ئەو چینە سوارە یەیان ناسیوە هەندێکیان لەگـەڵ خۆیـان بردووە بۆ مسر بە ئەوپەری رێزەوە بۆ ئەوەی مسریـەکـان فێری سواری ووڵاخ پەروەردە کردن بکەن ، ئەو تاقمە (سوارە ـ Maryanna ) یە دەورێکی‌زۆربەرێزو دیاریان

گیراوه له کۆشکی فرعەونەکاندا که کارێکی گرنگی کردۆته سەر بیرو فکری مسر ، وپیشەو نەریتی کۆمەلایەتی‌یان، دوایی که گەراونەتەوه ولاتی خۆیان دیسان به ئەو پەری ڕێزەوه رەوانەکراون ، ئەوانیش گەلێ نەریت و پیشەی مسری‌یان لەگەلّ خۆیان بردۆتەوه بۆ شارەکانی خۆیان .

زمانی خوری‌و میتانی ئەوەنده له گەردا بون لەو دەورەدا هەتا ولاتەکانی که به نەژاد خوری نەبون خوداکانی خوریەکانیان دەپەرست و ناوەکانیان بەکار دەهێنا بۆ پیرۆزی وەك ئێسته له زمانی عەرەبیدا ناوی تایبەتی لەناویك و ناوی خودا لێك دەدرێ‌و دەلێن ( عبدالله ) ئەوسا ناوی ( خەپا ـ خەپات ) که ناوی دایکه خودای خوریەکان بو بەو شێوەیه بەکار دەهات ، و ناوی تایبەتی شای شاری ( قودس ) ( عەبدی خەپا ) بووه مسری‌یەکان به ولاتی ( سوریا و فەلەستین ) یان دەوت ولاتی خوریەکان که مەبەس تەنیا له نەژادەکه بووه ، دوایی بووه به ناوی جوغراف ( خاك ) و مەبەس له ولاتی خوری ، خاکی خوریەکان بووه .

خەتی میخی خوری تایبەتی نەك میخی ئەکەدی ، بەکار دەهات بۆ نوسینی هەمو زمانەکانی ئەو دەورە ، که جیابو لەگەلّ میخی ئەکەدی چونکه وێنەی دەنگی ( بزوێن ) ی تیا بو ، وهەمو دەنگێکی [ ئاوازدار ـ consonant ] نەبو لەگەلّ دەنگی بزوێنەکەی بنوسرێ و وەك ( ب ) به تەنیا نەدەنوسرا ئەبو ( بێ ) ( با ) ( بو ) ( بۆ ) ( بی ) بنوسرێ و ئەمەش له زمانی سۆمەریەکانیشدا هەبووه، بەلام کەنەتەوه سامیەکان کەوتنه ولاتی میزوپۆتامیاو له سۆمەریەکانەوه فێری نوسین بون دەنگی بزوێنەکانیان له نوسینەکەدا ( قرتاند ) لەبەر ئەوه ژمارەی وێنەکانیان کەم کردەوه تا بو به (١٨) دانه ، بەلام خوریەکان ژمارەی دەنگەکانیان بو به (٣١) دانه ، ئەم ژمارەیه جاری سێ دەنگی بزوێن خرایه سەر که (و) (ی) (ا) بون ، ئینجا هەمو دەنگێك به سێ جۆر دەنوسرا بەگوێرەی بزوێنەکەی ، لەسەر ئەمەدا هەندێ وێنەی (١) تریان خسته سەر که دەنگیان نەبو له زمانه ئەکەدی‌یەکاندا وەك (ژ) که ئێستاش له شێوەی عەرەبی سوریاو لبنان دا ماوه که (ج) دەگۆرنەوه به (ژ) وه جەمەل دەبێ به (ژمەل) و جبن دەبێ به ( ژبن ) خوریەکان نەك هەتا گوێ دەریای سپی بەرەو رۆژئاوا رۆیشتون، هەتا شاری کەرکوکیش بەرەو خوار ولاتی خوری بووه که له پێشدا ، ناوی (ئاراب خا ) بووه وگۆرپویانه به ( نوزی ) ئەم شاره له زەمانی ئەکەدیەکاندا ناوێکی ئاری‌و کوردی هەبوو که ( گاسور ) هو دیاره شارێکی گەورەو ئاوەدان بووه کۆنینەکانی پلەی ( تەپەگەوره ) و (گردی بله) یه . و لەسەدەی شازدەدا ئەم شاره بەشێك بووه له ئیمپراتۆریەتی (میتانی خوری) .

بەداخەوه شاری ( کەرکوك ) خۆی تا ئێسته کۆنینەکانی نه پشکنراوه ، نازانم بۆچی ؟ چونکه باوەر ناکەم ئارکیولۆجی و زانایانی زمان بیریان لێ نەکردبێتەوه ! چونکه ئەو ناوچەیه نرخێکی زۆر زۆر گرنگی هەیه له ساغ کردنەوەی مێژوی نەتەوەکانی ولاتی میزوپۆتامیا بەگشتی ، وپلەی شارستانی دوای چەرمو به تایبەتی که ئەبێ پێش ( حەسونه) و (تل الصوان ) بێت . ئومێد ئەکەین ، بەرێوەبەرایەتی ئەنتیکەخانه که ئەرکی لێ کۆلینەوەی کۆنینه به دەستەوەیه لەم لایەنەوه ئیتر بێ دەنگ نەبێ ودرێغی نەکا له رون کردنەوەی مێژووی ئەو دەوره !

بەلام لەگەلّ ئەوەشدا له ( یورغان تەپه) که نزیك هەشت میل له رۆژئاوای کەرکوك ، هەندێ کۆنینه دۆزراوەتەوەکه به تەواوی ئاشکرای ئەکا ئەو ناوه بەشێك بووه له ولاتی (میتانیا) هەندێ نوسراوی میخی به زمانی ئەکەدی لێ دۆزراوەتەوه له یەکێکیاندا دەلێ: خەلقی شارەکه خوری بون و شاکەیان ناوی (پارات تارنا۔) ( Parat Tarna ) بووه .(٢)

١ـ بروانەره سەرچاوه (١)

(٢) بروانەره سەرچاوه (٩)

ولاتی میتانی هەمو ژوروی مێزۆپۆتامیا بوەکه له شاخەکانی (ئارارات) و زاگرۆسەوه دەسی پێ کردووه هەتا ئاوی خاپورو له خابورەوه تا دەریای سپی ولاتی خوری بووه وەك وتم و سنوری ئیمپراتوریەتی ( میتانی و خوری ) داویه له سنوری بابل له زەمانی ئەکەدی و کاشوەکاندا . له سالّ نامەکانی ( ئاشوریا ) دا بەم ولاتەیان وتووه (Khanigal bet ـ خانی گالّ بات ) و پانی تەختەکەی ناوی (Wash shuganni ـ واشوگانی ) بووه نزیك

سەرچاوەکانی ( خاپور) کە ئەبێ برگەی یەکەمی لەو شەی کە ( خەپـات ) خودای خوریەکان وەرگیرابێ ( پور ) یش بە زمانە ئاریانەکان (نەوەی) نێرە (کور) بە کوردی کە دیارە ناوی ئاوەکە ئەبێ ( کوری خەپا ) بێ بە خوری و بووە بە ( خاپور ) ، یەکەم شای میتانی نوسراوی لە پاش بە جێ مابێ ( ساوستانار ) (Saustatar )ە کە بە زمانی ئەکەدی نوسراوە بە ولاتەکەی خۆی وتـووە (خـانی گاڵ پات) ( ولاتـی میتـانـی ) . لە نوسراوە خوریەکاندا خۆیان دەڵێن (خورە ـ Khurrhe )میری ( ئالالاخ ) کە ولاتەکەی بەشێك بووە لە ولاتی خوری بە شای خوریەکانی وتووە ( شای خوریە جەنگاوەرەکان ) .

بەڵام ئاشکرایە کە ئیلاتی میتانی لەبەشی رۆژهەلاتی ولاتەکەدا بون و ئیلاتی خوریەکان لە رۆژئاوای دا . کە هەردو بەشەکە یەکیان گرتووە ناویان ناوە ئیمپراتۆریەتی میتانیو(واشوگانی) بووە بە پانی تەختی هەمـو ولاتـەکـە . لە نامەکانی ( گردی عەمارنە ) کە لە مسر گەلێ نامەی شاکانی میتانی کە لە سەدەی چواردە نوسراون و بۆ فرعـەونـەکـانی مسریان ناردووە وتازە دۆزراونەتەوە دیارە پەیوەندیەکی توند نەك هەر سیاسی ، بەڵکو خۆییو خزمایەتی هەبووە لە بەینی هەردو ولاتەکەدا گەیشتۆتە دۆستایەتی و ژن خواستن و لەو نامانەدا ئاشکرایە ، هەردولا گەلێ مەراسیمی ئەو پەیـوەنـدیەیان بەجێ هێناوە لە خۆشی و ناخۆشیدا وەك تازیە نامە و پیروزبایی ، وسکالا کردن بۆ یەك بە نامەی دورو درێژ ئەم نامانەش بە پۆستەی تایبەتیدا لەرێی کاروانەوە هاتووە و چووە ، پۆستەچیش ، گورج و وریا بووە و زمـانی میتانی و ئەکەدی زانیوە و شارەزای مسری بووە . بۆ ئەوەی بتوانی پۆستەکە بە ئاسانی بگەیەنێت و لە ناوچەکەی پیا دەروا وریـابێ ، پۆستـەش نامـەی شاهانە بووە لەگەڵ گەلێ خەلات و دیـاری کە لە کیسـەیەکی چەرمدا کردویەتە ملی تا گەیشتـۆتـە جێ . خۆشی دیـاری و خەلاتی باشی لە هەردولا وەرگرتووە .

دۆستایەتی میتانی فرعەونەکانی مسر زۆر توندو خۆش بووە ، بە تایبـەتی لە زەمانی ( توشراتا )ی میتانی و ئەمنوفیسی سێیەم فرعەونی مسر .

لە یەکێـك لە نامەکانی ( توشراتا ) بۆ ئەمنوفیس سکالایەکی دورو درێژ دەکا لە حاڵ و ئەحواڵی ولاتەکە تا خۆی هاتۆتە سەر تەخت پاش کوشتنی براکـەی و چۆن خاتیـەکـان هێرشیـان هێنانەوەتە سەر ولاتەکەیو چۆن ولاتەکەی لە چنگ دەرهێناو ـ نەتەوە و چی دەس کەوتووەو هەندێ لەو دەس کەوتانەی بە خەلات ناردووە بۆ فرعـەون و بەشێـك لەو خەلاتـانـە پارچە خشڵێکی زێرینی جوانە بۆ ( گیلوخەبا ) ی خوشکی ناردووە کە ژنی فرعەونی مسر بووە . زۆری پێ نەچوو فرعەون خوازبێنی کچەکەی ( تواشراتا ) (تادوخەبا)ی کردوە ئەمجارە (توشراتا) وەك خەزور وەلامی فرعەونی داوەتەوە و لە نامەکەی دادەڵێ [برا ، چەند لەوە زیاتر کە بۆم ناردی ، ئارەزودەکەی دەقاتت بۆ دەنـێرم!( ماڵ ماڵی خۆتە،و ولات ولاتی خۆتە!) ئینجا توشراتا داوای ئاڵتونێکی زۆر ئەکا بۆ مارەیی و جیازی ( تادو خەبا) کە بەناوی ( نەفرەتیتی ) یەوە ناسرا لە مێژوی مسردا ، و دەورێکی روناك و بەرز بینی لەو چەرخەدا ، لەو نامە یەدا ( توشراتا ) یەکە یەکە ناوی ئەو خشڵ و جل و بەرگانە بە زمانی میتانی دەنوسی و ماوەیەکی زۆری پێ دەچێ تا رێك دەکەون لەسەر خوازبێنی لەگەڵ ئەمنوفیسی سێیەم . لە نامەیەکی تردا ( تو شراتا ) باسی ئەو خەلاتـانـە دەکـات بۆ (تـادوخەبای) کچی ناردووە پاش گواستنەوەی بۆ فرعەون لە مسر . نامەیەکی تر باسی هەیکەلی عەشتـار دەکا کە ناردویەتی بە ئەمانەت بۆ فرعەون لە کاتی نەخـۆشیدا بە تەبەرۆك ، و فرعەون نەی ناردۆتەوە پاش چاك بونـەوە ، لێرەدا ( تۆشراتـا ) گلەیی لە فرعەون دەکاو داوای هەیکەلەکە دەکاتەوە .

نامەکانی میتانیەکان کە دۆزراونەتەوە زۆرن و کلاو رۆژنەیەکی یەکجـار بە نرخی بۆ رون کردنـەوەی مێـژوی میتـانیەکان لەسەدەی چواردەدا کە لە ئەو پەری بەرزیدا بون .

بەلام ئەم زانستە هیچ باس نەکراوەو ناوی نەهاتووە تا ئەم چل پەنجـا ساڵەی دوایی و مێـژونـاسـان بە تایبـەتی ئاشوری ناسـەکان نەیان ویستووە ئەو پەردە تاریکەی داویانە بەسەر مێژوی نەتەوە ئاریەکاندا لە روژ هەلات هەڵ دەنەوەو بیخەنە بەر رۆژ .

لەسەدەی سێنزەدا (١٣٠٠ ب ز ) ئیمپراتوریەتی میتانی دێتە کزی . بەهـۆی شەرو شۆری ناوخـۆیـی بەینی میتـانی و

خوریەکان خۆیان لە لایەکەوە ، و بەهۆی هێرشی ئاشوریەکان کە هەلیان لەو کزیە وەرگرت و خۆشیان هێزیان پەیاکرد بو . چاویان دەمێك بو بری بووە وڵاتی خانی گەڵ پات ) ی بەپیت و بەرەکەت و فراوان . هەر لەو کاتـەشـدا ئیمپـراتـوریـەتی خاتی کە ئاشوریەکان زۆریان لێ دەترسان کزبو بوو ئاشوریەکان ترسیان شکـابـو لێی لەبـەر ئەم هۆیانە لەلایەکی ترەوە ئاشوریەکان دەستیان کرد بە شەر فرۆشتن بە میتانیەکان و دایان بە سەریا ، وشار بەشارو ، شوێن بە شوێن بە گژیانا چون ، لە زەمانی ( ئاداد بزاری ) یەوە کە لە ١٣٠٧ ـ ١٢٧٥ ب ز دا حوکمـی کردووە ودوای ئەو کورەکەی ( شەلوم نەسر ) ی یەکەم کە لە ( ١٢٧٥ ـ ١٢٤٥ ) ب ز حوکمی کردووە و دوای ئەویش لە زەمانی کورەکـەی (تـوکولتی نینورتا) کە لە ١٢٤٤ ـ ١٢٠٨ ب ز دا حوکمی کردووە واتا لە ماوەی هەشتا ساڵ دا ، ئاشوریا بو بە گەورەترین و بە هێزترین دەوڵەت لە رۆژهەلاتدا بێ پەروایی ئەم ئیمپراتۆریەتە کە بەسەر گەلێـە نەتەوەکانی دەورو پشتیا هەڵ گەرا ، وپێش کەوت و لە لافاوی خوێندا کەوتە مەلە لە یەکێك لە ساڵ نامەکانی ( ئاداد نیرای ) دا دەڵێ ! لەشکری

کاشـوەکـان گوتی، لولو ، شوبـاری ، م تەفـرو تونـا کرد، شارەکانیانم دابێژا ، لە شاری ( لویدو ) نزیك ( کەرکوك ) تا ئیلوخات ـ (تورعابدین ) تا گەیشتمە ( لولوی ) هەموم داگیر کرد و لەوێدا سنوری ئاشوریام کێشا ، ئەم شەرەش لە ( کلـزی ) نزیـك هەولێر دەسی پێ کردووە کە لە پێشـدا سنوری بەینی ( کاردونیاش ـ بابل ) و ( ئاشوریا ) بووە . بەلام ئەنجامی شەر لەگـەڵ ( گوتی ) و ( لولوبـو ) زۆر ئاشکرانییە هەرچەند لە ( قاتموخی ) نزیك شاخی گودی بەرنگاری ( ئاداد نیراری ) بون و لە شکرەکەیان شکاندووە .

بەلام ئیـتـر لەو رۆژەوە باسی شەری نەکـردووە لەگـەڵ (سـوبـاری) هەرچـەندە هێرشی بردۆتە سەرولاتی میتانی کە (سوربای) بەشێکی بووە .

دوژمنایەتی ئاشوریەکان لەگەڵ میتانیەکان کۆن بووەو دەمێك بووە چاویان لە خێرو بەرەکەتی بریوە ، و هەلیان لە بێ هێزی خاتیـەکـانی دۆستی میتـانیو میتـانیـیەکان خۆیان لە کیس خۆیـان نەداوە، ( ئەداد نیراری ) داویـە بەسەر وڵاتەکەدا و توانیوەتی (واساشاتا)ی ئیمپراتۆری میتانی بشکێنێ . ناچار (واساشاتا) فیرارکا بۆ وڵاتی ( ئیریتی ـ IRRiti ) کە لە بەینی (حەران ) و ( قارچەمیش ـ طرابلس ) دایە ، بەلام ئاشوریەکان دوای کەوتون و بە خۆی و ماڵ و ژن و مندالەوە ، بەدیل گرتونیان و زنجـیر بەستـیـان کردون و رەوانـەیـان کردون بۆ شاری ( ئاشور ) بەلام ( ئاداد نیراری ) نەی توانیوە وڵاتی (میتانیا) داگیرکا! لەبەر ئەوە ( واساشاتا ) ی ناردۆتەوە بە دەس بەسەری وڵاتـەکـەی بۆ دابین کاو هەڵی سورێنی بە ناوی ژێر دەستی ئاشـوریـاوە ، ئیـنـجـا ئاداد نیراری ناوی خۆی دەنـێ (سـەرکیشـانی) (شـای شاییان) یا ( سەری شایان ) و بە تەواوی خۆی لەخۆی بابی دەبی و دەستی ( هاوسەری ) بو شای خاتیەکان دەباو نامەیەکی بۆ دەنێری دەڵێ [ برا، ئارەزوی سەردانی شاخی ( ئامانوس ) دەکەم و چاو بێ کەوتنتان ) .

(خاتـوشیلیـاش ) ی شای خاتیـەکان ئەمەی لابە دڵ نابێ و بەتوندی وەلامی دەداتەوە دەڵێ برایەتی چی ، بۆ تۆ لە دایك و باوکی من بوی ، داوای برایەتیم لێ دەکەی ؟! ئینجا خاتیەکان لەگەڵ کاشوەکان پەیمان دەگرن و هەر لەو کاتەشدا میتانیەکان خۆیـان دەکـەنەوە ، بەشی رۆژ ئاوای میتانیا لە چنگ (ئاداد نیراری) رزگـار دەکەن و ئیتر دەسەلاتی ( ئاداد نیراری ) لە وێدا نابێ بەلام میتانیەکانیش ئیمپراتۆریەتەکەیان دوای ئەوە تیك دەچێ میتانی و خوری لەیەك جیا ئەبنەوە ولاتەکە دابەش ئەکرێ بەسەر چەند میرایەتیەکی بچوکدا . دوای ( ئادا نیرادی؛

( شەلم نەسر ) ی کوری شەری بەو میراتیانە فرۆشتووەو یەکە یەکە داویە بە سەریانا ودیارە زۆر سەر نەکەوتووە لە سەرەتادا کەداویە بە سەر وڵاتی ( موشری ) کە ئەبێ ( موکری ) بێ و بەنـاوی وڵاتی ( ئارینی ـ ARini ) یەو ناسراوە کە بێ گومان (ئاریان)ە بەلام لە دوابیدا و لەگەڵ ئەوەی کە ئەم ئاریانە زۆر بە چالاکـی شەریـان کردووە ، ( شەلم نەسر ) لە ئەنجـامـدا توانیویەتی بیان شکێنێ ( شاتووارا ) ی شای میتانی توانیویە لە دەسیـان دەرچێ و روبکاتە ئیلاتی خوری رۆژئاوا . بەلام (شەلم نەسر) پانزە هەزار میتانی گرتووەو چاوی هەڵکۆڵیون !و (نۆ) دانە شاری گەورەی وێران کردووە ! و ١٨٠ شارو دێی تری سوتـانـدووە! و هەمـوو وڵاتی میتانیای داگیرکردوە ئەم

کارەســاتــە گرنگتــرین و خوێنـاوی ترین کارەساتی سەدەی سیـنــزەیــە ( ١٣٠٠ ) ب . ز .

دوای (شەلم نەسر) (توکوڵتی ـ نینورتا) کوڕی کە لە باوکی درتــربــووە لەســەر ئەو سیاسەتە ڕۆیشتووەو بەهەمو لەونێك بە گژ میتانێ و خوریەکاندا چووە و شارەکانیانی یەك بە یەك وێــران کردووە لە یەکێـك لە ساڵ نامــەکـانیدا باسی ئەو شارانەی کردووە و ناوەکان نوسیوە . وەك ( شارتیدا ) کە ئەبێ شانیدەر بێ و (میحرو) کە ئەبێ ( موکری ) بێ و ( مادانی ) کە ئەبێ ( مادای ) وڵاتی ( ماد ) بێ . و گەلێ شارو وڵاتی تر کە ئەگــەر لە ناوی شارو دێ و خێــڵاتی کوردستــاندا بۆیان بگەرێین بێ گومان گەلێکی لە ناوەکانی ئیستەدا دەدۆزینەوە ! ئەوەش هونەرێکە دەبێ ببزوێنرێ !

توکولتی نینورتا ، وەك باوکی گەیشتونە هەر شارێکی میتانی وێرانی کردووە پاش تاڵان و ئاگری تێ بەرداوە ( میرەکان ) ی بە خۆیــان و ماڵ و منداڵەوە کێش کردووە بۆ ( ئاشور ) . و هەرچی خێرو بەرەکەتی وڵاتەکەشە کۆی کردوتەوە و بردویەتی هەر لە ( خاپورەوە ) هەتا ( بابل ) ئینجا ناوی خۆی ناوە شای شایان ( شای کاردۆنیاش و سۆمەر و ئەکەدو بابل و هەر چوار گۆشەی دنیا (١).

لە دواییــدا وەك هەمــوو زۆر دارێــك خەڵقی ( ئاشور)ێی هەستاون و لەسەر تەختیان هێناوەتە خوارێ و هەر لە قەڵاکەی خۆیدا کوڕەکــەی بە دەستی خۆی سەری بڕیــوە ! لە ساڵی ١٢٠٨ پ.ز

ئەوی پێویستە لێرەدا لەسەری بوەستین و سەرەنجی بدەینێ ئەوەیە کە لەزەمانی ( توکوڵتی نینورتا ) کە لە ساڵی ١٢٤٤ ـ ١٢٠٨ ب . ز دا حوکمی کردووە ناوی ( مادان ) یەکەم جار هاتــووە لە مێژوودا و دوای ئەوە لە تەوراتدا باسی ( مادان ) کراوە . و ئەم مادانــە بەبــەشێك لە میتانیەکان ناسراون ئەم روداوە لەو کاتــەدا بووە کە ئیمپــراتــۆریــەتی میتانی کۆتایی هاتــووەو دیــارە ئەوی لە چنــگ ئاشــوریەکان رزگاریان بووە نیراریــان کردووە وبــێ گومــان داڵدەیــان بردوتــە بەر هاو نەژادەکــانیــان بەرەو ڕۆژهەڵات و ئەو دیوی زاگرۆس بە لای ئێرانــدا هەنــدێکیان و هەندێك بەرەو ڕۆژئاوای فورات بۆلای خوریەکان کە ئەمەش دیارە تاقمی سوارەو ئەرستوقراتی بون ، وکــە گەیــشــتــونــە لای ( دەریــاحــەی ) ( ورمێ ) لە وێدا سرەوتون ، وپاش بەینێك ئیمپــراتوریەتی ( ماد ) یان دامەزراندووە ، بەمەدا دەبێ کە میتــانی و خوریــە ئاریــەکــان دوای فەوتــانی ئیمپراتوریەتە گەورەکــەی میــتــانـــی هەر ماون و بە ناوی شارەکــان یا ئیلەکانیانەوە چەند میرایەتیەکیان هەر هەبووە هەتا ئێستەش لە ناوچــەکانی خۆیاندا ماون و ئەوی سوارە و توانا بووە بەرەو ڕۆژهــەڵاتی وڵاتەکە چووەو لە پێشیدا لەگەڵ خزمەکانیان لەو دیوی زاگروس لای ڕۆژ ئاوای بانی ئێران چەند میراتیەکی یەك شاریــان دروســت کردووەو لە دواییــدا یەکیــان گرتــووە ، لەســەرەتای هەزارەی یەکەمدا و ئیمپراتوریەتی ( ماد ) یان دامەزراندووە ناوی ( ماد ـ مید ) بێ گومان پەیوەندە بە ناوی ( مات ـ میت ) و لە شێوەی ( کۆ ـ جەمع ) دابووە بە مادان ـ ماتان یا میدین ـ میتانیین ) ، و ئاشکرایە کە ( د ) ( ت ) دو دەنگی یەك سازگەن تەنیا یەکێکیان کپ ـ مهموس و ئەوی تر دلێر مجهــورە کە زۆر سروشتیــیە لە فۆنۆلۆجیدا جێ گۆرکێ بکەن لە زمانە ئاریا ئەو روپایەکاندا وەك لە بەینی ئینگلیزی و ئەڵمانی دا لەم وشانەدا .

| ئینگلیزی | ئەڵمانی | کوردی |
| --- | --- | --- |
| day | tag | ڕۆژ |
| dead | tot | مردو |
| dance | Tanz | دانس |
| deep | Tiel | قوڵ |

ئینجا جێ گورکێی ( ت ) و ( د ) لەوشەی ( ماد ) و ( مات ) دا شتێکە لەم بابەتە ( ١ )      ١) بروانە سەرچاوەی ( ١٤ ) کە دیارە لە بەینی زمانی مادەکان و میتانیەکاندا هەبووەو ئەمە زیاتر رون دەکەینەوە لە کاتی بەراوردکردنی زمانەکاندا.

وەك دەرکەوت کە شانۆی مێژو لە هەزارەی سێیەمدا بەنەتەوە ئاریــەکــان پربــوتــەوە . لە هەزارەی دوهــەم بێ گومان شای شانــوگەران بون ، تازە نەتەوە سامیەکان دەسیان کرد بۆ بە بڵاوبــونەوە لە مێزو پوتامیای خوارودا و هاتبونە وڵاتی ئەگەدە بەڵام بۆ ماوەیەکی کەم کە لە

( ۲٤۰۰ ـ ۲۲۰۰ پ . ز ) بەناوی ئەکەدیەوە حوکمیان کرد پاش سۆمەریەکان کە لە ( ۲۷۵۰ ـ ۲٤۰۰ ) پ . ز دا وڵاتی (سـومەرو / ئەکەد) یان بەدەست بوو بە هەمو بەڵگەیەکەوە ساغ بۆتەوە کە سۆمەریەکان ( ئاری ) بون دوای ئەکەدیەکان سولالەیەکی تری سامی هاتە سەر حوکمی بابل لە ( ۱۹۰۰ ـ ۱۷۵۰ ) پ . زودوای ئەوان کاشوەکان کە دیسان ( ئاری ) بون وەك سۆمەریەکان لە ( ۱۷٤٦ ـ ۱۲۰۰) پ . ز مانەوەو هەمو وڵاتی میزوپوتامیای خوارو هەتا هەولێر بە دەستیان بو کە پێنج سەدساڵ زیاتری خایاند . خاتیەکان لە ژووروی میزوپوتامیا و ئەنادوڵ لە ( ۱۸۵۰ ـ ۱۲۰۰ ) پ . ز و ئەوانیش ( ئاری ) بون . هەر لەو کاتەدا خوری و میتانیەکان لە میزوپوتامیای ژوورو تا دەریای سپی یان بە دەست بوو ، ئیمپراتوریەتێکی گەورەیان لە (۱۸۰۰ ـ ۱۳۰۰ ) پ . ز دامەزراند و هەمو رۆژهەڵات لە ژێر حوکمیاندا بوو . و یەکەم نەتەوە کە بەناوی ( ئاری ) یەوە ناوی خۆی هێنـابێ میتانیو خوریەکان ، ئاشوریەکان کە لە (۱۸۰۰ـ٦٥٠) پ . ز لەسەر شانۆکە بون ، بەلام لە پێشدا زۆر بێ دەسەلات و کز بون و لە ژێر حوکمی میتانیەکاندا بون هەتا ( ۱۳۵۰ پ .ز ) لە ( ۱۳۰۰ پ .ز ) لە زەمانی ( ئاداد ـ نیراری) کە لە پێشدا باسمان کرد دەسەلاتیان پەیدا کردووەو هێرشیان بردۆتـە سەر میتـانیەکان و لە ( ۱۲۵۰ پ . ز ) کۆتاییان بە ئیمپـراتـۆریـەتی میتانی هێناوە ئاشوریەکان کە سامی بون تەنگیان بە ئاریەکان هەڵ چنیوەو پەراگەندەیان کردون و خۆیان ماونـەتەوە پاش داگیرکردنی وڵاتی میتانی و بون بە هێزترین دەوڵەت لەسەدەی دوانزەدا هەتا لە سەدەی حەوتەمدا ( ۷۰۰ پ .ز ) بە (دەس ) ( مادە ) ( ئاری ) یەکان شکاون و ئیتر ناویان لە مێژودا نەماوە . ئینجا بەمەدا دیارە کە ( ئاریەکان ) شانـۆگـەری بەشی زۆری هەزارەی سێیـەم و نزیـك هەمـوو هەزارەی دووەم بون لەبەشی زۆری مێژوی رۆژهەلاتدا ئینجا بابچینەوە سەرباسی مەڵبەندی کۆنی ئاریەکان کە زۆر سەیرە هەندێ مێژو ناسی تائێستە بڵێن لە ناوەراستی ئاسیاوە هاتون، بۆ وڵاتی ئاریەکان و مەڵبەندی رەچەڵەکیان !! ولەوێوە بلاوەیان کردووە ، و گەیشتوونەتە وڵاتی میزوپوتامیاو ئەنەدوڵ و کەوانە بە بیت و ئێران و هندستان و دوایی لە ئەنادوڵەوە بە دەریای (ئێجـە ـ AEgiansea )دا لە لایـەکـەوە و لەلایـەکی ترەوە لە شاخەکانی (ئەلپ ـALP )هو بەرەو ئەورویا چون.

ئەم بیرو باوەرە لە راستیـدا هیچ پەسند ناکرێ بەرامبەر ئەم راستیانە :

۱) تا ئێستە هیچ کۆنینەیەکی ئینسانی دەوری بەرد بەدەستەوە نی یە کە سەرەتای ژیانی ئینسان دەرخا لەو ناوچانەدا

۲) هیـچ کۆنینـەیـەکی شارستـانی دەوری دێ نشـین لەو ناوچانەدا نەدۆزراوەتەوە پێش شارستانی زاگروس و مێزوپۆتامیا .

۳) هیـچ نوسراوێـك نە بەزمـانی ئاری نە بەزمـانێکی تر بە دەستـەوە نی یە پێش نوسراوی سۆمەریەکان ، لە ناوەراستی ئاسیادا .

تەنهـا ئەو نوسراوانە نەبێ کە ناویان نا ( تۆخاری ) و کە لە ناوەراستی تورکستـانی چینی دا دوزراوەیـەوە و بە زمانێکی ئاری دانرا بەلام هی سەدەی هەشتەمی پ . ز بەڵکو حەوتەم ئینجـا ئەبێ لە مێـزوپـۆتـامیـاوە چوبێتـە ئەو وڵاتـە وەك ( سانسکـریتی ) کە دەرکەوت لە وڵاتی میزوپۆتامیای ژورو لە میتـانیاوە و لە هەزارەی یەکەمدا بە ئەفغانستاندا لە ئێرانەوە چووە بۆ ژووروی هندستان ! ئەمە لە کاتێکدا کە :

۱ـ یەکەم مەڵبەندی ئینسانی دەوری بەردی کۆن لە شاخەکانی زاگـرۆسـدا دۆزراوەتەوە ، کۆنینەکانی هەزار مێردو شانیدەر (۱۲۰) هەزار ساڵ پ . ز .

۲ـ دوەم مەڵبـەنـدی ئینسـانی دەوری بەردی نوێ هەر لە زاگـروسـدا بو کە لە ٦۰ تا ۳۰ هەزار ساڵی پ . ز بۆ دانرا کۆنینەکانی چینی ژێرەوەی شانیدەر و چەرمۆ .

۳ـ یەکـەم پلەی شارستانی ژیانی کۆمەلایەتی و سرەوتن دێ نشین هەر لە دەشتەکانی دامێن زاگرۆس و گوێ روبارەکانی میزوپۆتامیای ژورو ، دجلە و فورات وزێی گەورە و بچوك و خابور بووە کۆنینەکانی چەرمو تەپەگەورە ، حەسونەو سامەرە بەڵگەن .

٤ـ یەکـەم نمـوونـەی نوسـین لە دنیـادا لە دەشتـەکـانی میـزوپـۆتـامیاداو بە خەتی میخی و زمانی سومەری بووەکە دەرکەوت زمانێکی ئاریەو سۆمەریەکان بە خۆیان وتووە ئاری و

ناوی ولآتەکەیان Ariki(ئاریکی) بووە[1] .

٥ ـ دوەم زمان کە ئاری بووە زمانی میتانی لە میزوپۆتامیای ژوورودا ، بووە ، هەروەها لە ( سوریا ) کەلەناوی بەشێکی تری ئاریەوە وەرگیراوە کە ( خوری ) یە چونکە ( س ) بە (خ) یا(H) دەگۆرێتەوە لە زمانە ئاریەکاندا وەك ناوی ( سند ) بووە بە (هند ) و خوریاش ( خ ) بووە بە H هـ ـ لە ناوی ( خاتیە ) کاندا ، هەروا بووە سوریا کە ئەبێ ( خوری ) خۆی ( ئوری ـ ئاری بێ و بووە بە ( س ) لە ناوی سیتیەکاندا کە لە ناوچەی قەفقاسیا دەژین. دیسان زمانی خاتیەکانی ئەنادۆل هەر لەو بەرهیەن کە میتانیو خوری‌یان لێ کەوتۆتەوە و ( سیتی ) پاشماوەی (خاتی ـ حیتی)ن ئینجا چۆن ئیتر بەم هەموو بەڵگانەوە ئەتوانین بڵێین ئاریەکان لە ناوەراستی ئاسیاوە هاتون ، یاچۆن ئەتوانین بڵێین لە شوێنێکی‌تر غەیری زاگروس ومیزوپوتامیای ژوورەوە هاتون ! چ ئەقل و چ باوەرێك ئەمە پەسند ئەکا !

بە کۆتایی سەدەی دوانزە هێزو توانای ئاریەکان لە هەر سێ ناوچەدا ، مێزوپۆتامیای ژورو ئەنادۆل سوریا ، نەماوە بە هۆی پەرەسەندنی تواناو هێزی ئاشوریەکان لەم کاتەوە . وداگیرکردنی گەلێ ولآتی ، میتانی و خوری وخاتی لە کاتێکدا کە ئاشوریا لە سەدەی هەژدەوە هەتا پانزە هێزێکی ئەو تۆیان نەبووە و لە سەدەی پانزەوە لە ژێر حوکمی میتانیەکاندا بون هەتا سەدەی سێنزە (١٣٠٠ پ . ز ) دوای ئەوە توانایان پەیدا کردوە لە کاتی بێ هێز بوونی میتانی و خاتیەکاندا کە هەر دوولای بە ئاشوبی ناوخۆوە خەریك بون و ئاشوریەکان هەلیان لەوە وەرگرتووەو داویانە بەسەر میتانیەکانداو بەرە بەرە ولآتەکەیان کز کردووە و شکاندووە و دوای ئەوە دەسیان کردووە بە هێرشی بۆ سەر خاتیەکان . و لە سەدەی دوانزەدا لە دەریاوە لای رۆژ ئاواوە نەتەوەیەکی تا ئێستە نەناسراو داو بە بەسەر ولآتی خاتیداو وێران کردووە و ئیتر شانۆی مێژوو چۆڵ بووە بۆ ئاشوریەکان تا سەدەی حەوتەم کە بەیەك جاری بەدەس مادەکان لە ناو براون و کۆتایی‌یان هاتووە بەمە کۆتایی پلەی دوهەمی مێژوی نەتەوە ئاریەکان دێ و زمانەکانیان دەچێتە پلەیەکی تازەوە کە بە ( مادی ) و سانسکریتی و ئاڤێستی دەس پێ دەکا لە هەزارەی یەکەمدا . وئەوە باسی وتاری ئانیدەمانە . هەر لەم کاتەدا بەشێك لە خاتیەکان رودەکەنە دورگەکانی (یۆنان) و لەوێدا شارستانی ( گریك ـ یونان ) ئاری دەس پێ دەکاو ئیتر لەم کاتەوە دەتوانین بەم خێزانە گەورەیەی هاوزمان و هاونەژادە بڵێین خێزانی زمانە ئاریا ئەوروپای‌یەکان و هەروەها نەژادەکەشیان کە تا هەزارەی یەکەم خۆی پاراستووە تارادەیەك لە تێ کەڵ بون بە بێگانە ، بەلآم لەم کاتەوە ، تێ کەڵ بەزمانانی تر بون بە تەواوی کە بووە بە هۆی پەیدابونی بەرەیەکی تازەی زمان . بەلآم هەر لە چوار چێوەی (ئاری) دا ماونەتەوە و بون بە چەند بەشێك لە وتاری ئایندەدا باسیان دەکەین .

## سەرچاوەکانی ئەم وتارە


1- Acomparative grammar of the Hittite Languge . Prof. Sturtrant

2- La Langue d Lavesta Prof. De HarLez

3- Asummerian Reading book Prof gadd

4- the Dawn and twilight of zoroastrian Prof zaehner.

5-the Sans Krit languge Prof. Burrow

6- the cambridge Ancient History Vol 2. Part one.

7- the cambridge Ancient History VoL one Part 2

8- Ancient IRAQ Prof. george Roux.

9- the cambridge Anciet History VOL one Part one.

10- Indo European philology Prof.Lockwood.

11-Indosummerian seals Prof. waddell.

12- IRAN. prof. ghirshman.

13-ciVilization past and present prof. wallbank.

14- AnIntroduction to Descrption Linguistics. prof. Gleason.


O